# بەياننـــامەی گروپيـێك لە ڕێكخراوەكانی پشتيوان وداكۆكيكار لە مافەكانی منالآن

**جەمـــــــاوەری كوردســـــــــــتان**

**پەرلەمـــــــانی كوردســـــــــتان**

**كاربەدەستانی حكومەتی هەرێمی كوردستان**

**دەسەلآتی دادوەری لە هەرێمی كوردســـــتان**

لە (9/2)دا و لەگەڵ يادكردنەوەی ساڵيادی پەسەندكردنی ڕێكەوتنامەی جيهانی مافەكانی منالآن , ئەوە بەبير هەموان دێنينەوە كە لە چەند مانگی ڕابردوو چەندتاوانێكی گەورە دەرهەق بەمنالآن لە ناوچە جياجياكانی عێراق وكوردستان ڕووی دا كەديارترينيان كوشتنی (سارا)ی تەمەن يانزە ساڵ لە خانەقين و (محمد)ی تەمەن پێنج ساڵ لە دەربەنديخان و(رەييان)ی هەشت سالآن لە مەخموور و چەندەها منالی قوربانی ديكە كەبەشێوەيەكی زۆر نامرۆڤانەوە دڵڕەقانە گيانە پاك وبێگەردەكانيان بە كلتورو تۆڵەی دڵ ڕەقانەی كێشە سياسی و مەزهەبی وكۆمەلآيەتيەكان و .........هتد سپاردوە .

لە كاتێكدا بەتوندی ئەو كارە نامرۆڤانە ئيدانە دەكەين وڕەتی دەكەينەوە ، داواكارين بكوژانيان دادگايی بكرێن .... .

لەيادی (9/2) ڕۆژی پەسندكردنی مافەكانی منالآن لە جيهاندا داواكارين :

* ياسای پاراستنی منالآن لە لايەن پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە پەسندبكرێت و بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە .
* دەسەلآتی جێبەجێكردن و دادوەری چاودێری وردی تەواوی دامەزراوەكانی حكومەت ، حيزب ، كۆمپانيەكان....بكات ، بۆ پەيوەست بوونيان بەياسای پاراستنی منال لە توندو تيژی وسەرجەم پێشێلكارييەكان كەدەرهەق بەمنالآن دەكرێن .
* ڕاگەياندنە حكومی و حيزبی و سەربەخۆكان هاندەرين بۆ وشياركردنەوەی كۆمەڵ لەبارەی مافی منالآن ونەمانی توندوتيژی بەرامبەر بەمنالآن ...چونكە منال ،منالی هەموو گەلە وهەمووش بەرپرسيارن لەپەروەردەكردنيان .
* دەسەلآتدارانی كوردستان , وردترو كاراتر گرنگی بە منال و مافەكانيان و پەروەردەكردن و پێگەياندنيان بدات لەڕێی گرنگيدان بە دامەزراوەی تايبەتمەند بۆ كاروباری منالآن لە هەموو بورەكانی ژياندا .

**ماف پارێزان–رۆشنبیرانی وڵات**

**تـــاك بەتـــاكـــی كـۆمـــەڵ**

**ئیوە باش دەزانن كەمناڵ بونەوەرێكی پاك و بێگەردە ،داهاتووی وولاْت بەدەست ئەوانەوەیە وكەسایەتی دواڕۆژن ...ئەگەر باش پەروەردەبكرێن و ڕێزیان لێبگیرێ دواڕۆژێكی ئارام و ڕێزدار لە مرۆڤەكان دێتە بوون... بۆیە داواكارین كە لەهەركوێیەك توندوتیژیتان بینی بەرامبەر بەمناڵ هەوڵ بدەن ڕێگربن و هاوكاربن بۆ نەمانی پێشێلكاری وتوندوتیژی بەرامبەر بەو مرۆڤە پاك وگەورانە ...**

**دایكان باوكانی خۆشەویست**

**ئەو منالاْنەی لەباوەشی گەرمی ئیوەدان تەنها منالْ و موڵكی ئیوەنین ..بۆیە بەخێوكردن و پەروەردەكردن وئاراستەكردنیان پێویستە بۆ خۆشەویستی سەرجەم گەل بێت ، بۆیە داواكارین لێتان كە بەرپرسیاریتان كاریگەرتربكەن بۆ پاراستنی مافەكانی منالاْن و گوشارخستنە سەر دەسەلاْتداران بۆ پاراستنیان لە هەرجێگایەك بن.**

**منالاْنی خۆشەویست لە كوردستان و عێراق و جیهان**

**ڕۆژی** 9/2 **پەسندكردنی ڕێكەوتننامەی جیهانی مافەكانی منالاْن لەگشت لایەكتان پیرۆزبێت .**

**هیوادارین ئەم یادە ببێتە یادێك كەمافەكانی منالاْن لە كوردستانیشدا بێتە پەسندكردن و بەرجەستە بكرێت.**

**سلێمانی**

2007/9/2

**گروپێك لە رێكخراوەكانی پشتیوان وداكۆكیكار لەمافەكانی منالاْن**

***رێكخراوی لانەی منالاْنی كوردستان**

***ڕێكخراوی پەیمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن**

***ڕێكخراوی ستێپ**

***سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالاْن**

***تۆڕیمافەكانی منالاْن لە عێراق**

***یانەی قەڵەم**

***ڕێكخراوی كیدۆ**

***بزاڤی بەرەو مەدەنیەت**

***ماڵی ڕوناكبیری سەلام لە خانەقین**